# دەستوری بێ‌مافی‌و ئیلحاق‌و هەڵاواردن

# رەخنەیەك لە "رەشنوسی دەستوری هەرێم"

**نووسینی: فاتح شێخ و رێبوار ئەحمەد**

## بەشی پێنجەم

## دەستوری هەرێم و گرێپووچکەی "ناسنامە"

-----------------------

ناسنامە، لە پرۆژەی دەستووری هەرێمدا لە سەرووی هەموو مافێکەوە، بەتایبەتی لە سەرووی مافی هاوڵاتی بوونەوە، دانراوە و تەنگی بە سەرجەم مافە مەدەنی و جیهانشموولەکانی ئینسان هەڵچنیوە. ناسنامە کرۆکی دەستووری هەرێمە هەر وەك چۆن کرۆکی دەستووری عێراقیشە. لە رەشنووسی دەستووردا ناسنامە وەك شتێکی مەفرووز و پیرۆز دانراوە. وەك حەقیقەتێك کە مەجالی هیچ قسەیەکی تێدا نیە، هیچ بوارێك بە لێکۆڵینەوەی نادرێ، هیچ بیرکردنەوەیەك هەڵناگرێ، شتێکی خودائاسایە کە گوایە مێشکی بەشەر بۆی نیە بیخاتە ژێر پرسیارەوە!!

ناسنامە لە راستیدا ئەو شتە مەفرووز و پیرۆزە نیە و هیچ حەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی لە پشتەوە نیە. ئێمە لەم بەشە لە رەخنەی دەستووری هەرێمدا پەردە لەسەر لایەنی شاراوە و قەدەغەی "ناسنامە" لا دەدەین، پووچبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و ئایینی و... هتد ئاشکرا دەکەین و لە بەرامبەردا پرینسیپی چوونیەکبوونی مافی ئینسانەکان و ناسنامەی ئینسانی بەرجەستە دەکەینەوە. وەك ئەسڵێکی بنەرەتی دەستووریش پێ لەسەر مافی هاوڵاتی بوون دادەگرین، مافی یەکسانی هاوڵاتی بوون بۆ هەموو دانیشتوانی کۆمەڵگا، بەبێجیاوازی لەسەر رەمز و نیشانی ئایین و زمان و رەنگ و رەگەز و جنس و... هتد. ئیشی دەستور بە هیچ جۆر ئەوە نیە کە دانیشتوانی کۆمەڵگا بە ناسنامەی جیاجیا دەستەبەندی بکات و لێکیانهەڵاوێرێ. بە پێچەوانە، ئیشی دەستور ئەوەیە مافە بنەرەتیە جیهانشموولەکانیان بۆ دابین و مسۆگەر بکا و بە دیاریکراویش جەختی سەرەکی لەسەر مافی (هاوڵاتی) بوونی سەرجەم دانیشتوانی کۆمەڵگا بکات.

جێگا و رێگای باڵادەست و سەروو- مافی ناسنامە لە دەستووری هەرێمدا (هەروەك لە دەستووری عێراقدا) بە تەنیا خۆی بەڵگەیە بۆ ئەو راستیە کە پرۆژەی دەستووری هەرێم فڕی بە سەر دەستوورێکی هاوچەرخ بۆ کۆمەڵگایەکی هاوچەرخەوە نیە، بەڵکوو هەوڵدانێکی کۆنەپەرستانەیە لە مەیدانی قانوون و یاسادانانددا بۆ بەرەوپاش بردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ئاستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پێش مۆدێرنی پێش سەرمایەداری، قەومی و دینی و عیرقی و عەشیرەتی، کە ساڵەهای ساڵە زەمەن و تەمەنیان بەسەر چووە و جێی خۆیان داوە بە کۆمەڵگای مەدەنی سەرمایەداری.

#### هەزارلۆی ناسنامە

#### لە رەشنووسی دەستووردا

جەختی دەستوور لەسەر ناسنامە، بە نرخی ئیهمال کردنی مافی هاوڵاتی بوون، جەختێکی سەخت و لە هەمانکاتدا زۆر ئاڵۆز و ناکۆك بەیەکە. لە لایەك ناسنامەی نەتەوەیی هەمەرەنگ، بە کورد و تورکمان و کلدان و ئاشوری و ئەرمەن و عەرەبەوە" لەلایەکیترەوە ناسنامەی موسوڵمانێتی "زۆرینە" لەگەڵ کۆمەڵێك ناسنامەی مەزهەبی "کەمینە" و "مافە ئاینییەکان"، لەولاتریشەوە ناسنامە لەسەر بنەمای زمان و کولتوور و داب و نەریت و هتد. ئەمانە هەمووی لە دەقی دەستووردا بە جۆرێك لێك ئاڵاون کە "ناسنامە"یان کردوەتە گرێکویرەیەکی ئاڵۆزکاو بۆ ئەوەی سەر لە هاوڵاتی بشێوێنێ و وای لێبکا نەزانێ سەرەنجام دەبێ مافی خۆی لە کام خانەو بەپێی کام ناسنامەی نێو ئەم دەستوورە بدۆزێتەوە؟!

لەوانەیە بەشێك لە خوێنەران بڵێن باشە گرفت لە چیدایە؟ ناسنامە بۆ خراپە؟ مەگەر لەم دونیایە کەس هەیە ناسنامەی نەبێ یا بۆی گرنگ نەبێ؟ لەوانەیە بڵێن ناسنامەت نەبێ کەسایەتیت نیە! ناسنامەت نەبێ لە جەنگەڵستانی ناسنامەکانی دیدا ون دەبی، یان لافاوی "عەولەمە" دەتگلێنێ و دەتبا!

مەبەستێکی ئێمەش لەم رەخنەیە ئەوەیە پرسیاری لەو چەشنە بوروژێنین و رێگا بۆ وەڵامدانەوە بکەینەوە و وەڵامی خۆشمان بخەینەروو. چونکە جێگە مۆری ئەنواعی جۆراوجۆری ناسنامە لە دونیای ئەمرۆدا بە تایبەت لە کەش و هەوای سیاسی - ئایدیۆلۆژیکی ئێستای عێراق و کوردستاندا، بە ئەرز و ئاسمان و دەر و دیوارەوە دیارە و

هەتا ئەو کاتەش کە نەکەوتوونەتە بەر پرسیار و نەشتەری رەخنەیان لێ نەکەوتوەتە کار، لای "بیروڕای گشتی" بە شتێکی پیرۆز و گومانهەڵنەگر دادەنرێن. بەڵام هەر لەگەڵ کەوتنە بەر پرسیار، بە ئاسانی دەبینرێ کە سەرتاپێیان خورافەی خولقاو و داتاشراوە و بەس!

ناسنامەی نەتەوەیی وەك خودی "نەتەوە" مادام پرسیاری نەکەوێتە سەر، وەك واقیعێکی مەفرووز و مسۆگەر دەنوێنێ" بەڵام هەر کە پرسیارت لەسەر دانا و پرسیار بەدوای پرسیاردا شوێنی کەوتی، ئینجا دەردەکەوێ کە هیچ شتێکی بابەتی و مسۆگەری تێدا نیە. ناسنامەی ئاینییش وایە. خودی بیرۆکەی خەیالاوی و ئەفسانەیی خوداش، کە هەموو ئاینەکانی لەسەر بینا کراوە، وایە. پێشکەوتنی بێوچانی ژیانی بەشەر و رۆچوونی رەگی زانست و تەکنۆلۆژی بە هەموو قوژبنێکی کۆمەڵگا و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، هەموو رۆژێك خورافەی خودا و ئاین بۆ زەینی پرسیارکار و حەقیقەتخوازی ئینسان روون دەکاتەوە و بەدرۆی دەخاتەوە. هەروەهاشە ناسنامەی کولتووری: لە دونیایەکدا کە سەتەلایت و ئینتێرنێت بەردەوام کولتووری هەردەم لە گەشە و گۆرانی بەشە لەپێشترەکانی جیهان بە هەموو لایەکی گۆی زەویدا بڵاو دەکەنەوە، هەر تەنیا مەودایەکی باریك و بەرتەسك و پەراوێزی بۆ ئیبرازبوونی تایبەتمەندی کولتووری لۆکاڵ دەمێنێتەوە کە بە هیچ جۆر ناتوانێ روکنێکی سەربەخۆ لە کەسایەتی تاکەکەس پێك بێنێ.

ئەم باسەمان بە حوکمی ئەوە کە ناچارە لە چوارچێوەی رخنە لە دەستووری هەرێم نەترازێ، رەنگە وەك پێویست نەتوانێ بە هەموو لایەنێکی چەمکی ناسنامە رابگا. بۆیە هەوڵ دەدەین سەرنجی خوێنەران، بەتایبەتی لاوان، بۆ ئەو راستیە رابکێشین کە لە ساڵانی حەفتاکان بەملاوە و هەتا ئێستاش دەزگا "رۆشنبیری"یەکان لە هەموو وڵاتانی سەرمایەداری، بە پێشکەوتوو و بەجێماوەوە، هەوڵ و تەقەلایەکی زۆریان داوە کە دیسکۆرسی "سیاسەت لەسەر بنەمای ناسنامە" (*Identity Politics*) لە جێگای "سیاسەت لەسەر بنەمای چینایەتی" (*Class Politics*) دابنێن. جەخت کردن لەسەر ناسنامە لە دەستووری هەرێم و دەستووری عێراقدا بەشێکە لەو هەوڵ و تەقەلا جیهانیە و بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارە و لە دژی قازانج و بەرژەوەندی هاوڵاتیانە لە هەر دوو کۆمەڵگای عێراق و کوردستاندا.

کەوایە با لە "دەروازەی یەکەم"ی رەشنووسی دەستوورەوە بچینە ژوور و سەرنجێك لە ماددەکانی 6 و 7 بدەین و ببینین چلۆن لە چەند دێرێکدا بەقەد مەیدانی ئەلغامێك تەقەمەنیان بۆ پێکداهەڵپژانی ناسنامە جیاوازەکان کۆکردوەتەوە:

**ماددەی 6**

یەکەم: گەلی کوردستان – عێراق پێك هاتووە لە کورد و نەتەوەکانی دی (تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەن و عەرەب) لەوانەی بە پێی یاسا هاوڵاتی هەرێمن.

دووەم: دەسەڵاتەکانی هەرێم، بۆیان هەیە مافی هاوڵاتیبوون لە هەرێمدا بە پێی یاسا رێك بخەن.

**ماددەی 7**

ئەم دەستوورە جەخت لەسەر ناسنامەی موسوڵمانێتی زۆرینەی گەلی کوردستان دەکات و بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان، هەروەها تەواوی مافە ئاینییەکانی مەسیحی و ئێزدی هی دیکە لە ئاقاری باوەر و پیادە کردنی ئاین دەستەبەر دەکات.

**کامەیان ئەسڵە:**

**ناسنامەی نەتەوەیی؟ ناسنامەی موسوڵمانێتی؟ یا مافی هاوڵاتیبوون؟**

لەم دوو ماددەیەدا "گەل" و "نەتەوە" و "مافی هاوڵاتیبوون" و "ناسنامەی موسوڵمانێتی زۆرینە" و "ئاین" و "مافە ئاینییەکان" چ وەك چەمکی دەستوری و چ وەك واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی بە تێکەولێکەییەکی سەیروسەمەر لە پەنا یەك ریز کراون! با لە هەر دوو دەربیجەی چەمکی دەستوری و واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە برێك لەم وشانە ورد بینەوە:

١- "گەل" بە مانای چیە و جیاوازی لەگەڵ "دانیشتوان" یا "ئەهالی" یا "هاوڵاتیان" لە چیدایە؟ ئەگەر هیچ جیاوازیەك نیە بۆ وشەی هاوڵاتیان یا دانیشتوان بەکار نەهێنرێ کە هەموو کەس وەك یەك لێی تێ دەگا و تەفسیری لاوەکی و جۆراوجۆر هەڵناگرێ؟ بۆ راست و رەوان نەگوترێ: "دانیشتوانی هەرێمی کوردستان هەموو هاوڵاتی هەرێمن بە بێ جیاوازی"؟ بۆ لەباتی ئەوەی لەسەر یەکگرتووکردنی دانیشتوان جەخت بکرێ، لە دەستووردا لایەنی جیاوازیکار بەرجەستە دەکرێتەوە؟ ئەگەر مەبەست بەش کردنی ئازادیە، ناکرێ بە ماددەیەکی تر "ئازادی بیروباوەر و ئاین و هەڵسوکەوت و هتد" بۆ سەرجەم دانیشتوانی هەرێم دەستەبەر بکرێ؟

٢- نەتەوە چیە؟ دیارە مەبەستی برگەی یەکەم لەوە کە گەلی کوردستان لە شەش نەتەوە (یا ١ + ٥ نەتەوە) پێك هاتووە ئەوەیە کە دانیشتوان بە شەش زمان قسە دەکەن چونکە بە پێوەری هیچ ئینتیمایەکی دی ئەو شەش ناوە لە پەنا یەك ریز ناکرێن. بەڵام ئەمە خۆی کۆمەڵێك گرفت پێك دێنێ" چونکە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی

هەرێمی کوردستان بە چەند زمان دەدوێن" لە ژیانی واقیعیشدا کامە زمان سەرەکیە لە لایەن دایك و بنەماڵە و عەشیرەوە بۆیان دیاری ناکرێ بەقەدەر ئەوەی پێویستی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆیان دیاری دەکات. بە واتەیەکی دی پێویستیەکان لە دەرەوەی خێزان و عەشیرە، لە کۆمەڵگای مەدەنی سەرمایەداری ئەمڕۆی کوردستان، دیاری دەکەن کە هاوڵاتی چەندە بە کامە زمان دەدوێ. ئەو تاکەکەسانە کە بە حوکمی دەستووری هەرێم لە بن خێوەتی ئینتیمای تورکمان و کلدان و ئاشوری و ئەرمەندا کۆکراونەتەوە و لە چوارچێوەی هەرێمدا پێگەی بەرزی نەتەوەیان پێ بەخشراوە، ڕەنگە لە ژیانی واقیعی خۆیاندا مادام وەبیریان نەهێنرێتەوە بە دەگمەن بیریان بکەوێتەوە کە خراونەتە ئەو خانە جیاوازانەوە و ڕەنگە بشزانن کە هیچ قازانجێکیشی بۆیان نیە. کورد و عەرەبیش بە هۆی سیاسیەوە لەو شەشخانەدا پێگەی "نەتەوە"یان پێ براوە، نەوەك بە هۆی ئینتیمای زمان یا هەر کۆکەرەوەیەکی خەیاڵی ترەوە. لە ڕاستیدا نەك هەر لە ڕوانگەی مارکسیستی و کۆمۆنیستیەوە بەڵکوو لە ڕوانگەی زانستی سیاسی ئەمڕۆی دونیای ئاکادیمیکیشەوە، ڕوون و ئاشکرایە کە "نەتەوە" سازکراو و خولقاوی بزووتنەوە سیاسیەکانە" کەوایە بە هیچ مەنتقێك شموولی چوار بەش لە شەشخانە نەتەوەییەکەی دەستووری هەرێمی کوردستان ناکا. بۆ کورد و عەرەبیش پێگەی سیاسی "نەتەوە"، بنەمای هیچ جێگاورێگایەکی دەستووری نیە ئەوە نەبێ کە کێشەیەکی سیاسی واقیعی لە نێوان بەشی کورد زمان و بەشی عەرەب زمان لە چوارچێوەی عێراقدا لە گۆڕێدایە و پێویستە لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی کوردستاندا بە مافی جیابوونەوە لە ڕێگای ڕێفراندۆم وەڵامی پێ بدرێتەوە. ئاشکرایە کە بۆ بەشەکانی تری دانیشتوانی هەرێم کە زیاد لە کوردی بە زمانی دیش (تورکمانی، کلدانی، ئاشوری، ئەرمەنی و عەرەبی) دەدوێن نە کێشەیەکی سیاسی لە گۆڕدایە و نە باس لە مافی جیابوونەوە لە ئارادایە. کەوایە بەکارهێنانی وشەی "نەتەوە" و ڕیز کردنی شەشخانی نەتەوەیی لە ماددەی شەشی دەستووردا جگە لە خولقاندنی قەڵەشت و جیاوازی و هەڵاواردن و کێشە لە نێوان دانیشتوانی هەرێمدا خزمەت بە هیچ شتێکی دی ناکا.

٣- با بزانین "مافی هاوڵاتیبوون" لە برگەی دووەمی ماددەی شەشدا مانای چیە. برگەکە دەڵێ: "دەسەڵاتەکانی هەرێم، بۆیان هەیە مافی هاوڵاتیبوون لە هەرێمدا بە پێی یاسا ڕێك بخەن". هەروەك لە سەرەوە باسمان کرد، دەبێ ڕوون بێ کە ئەم بەناو مافی هاوڵاتیبوونە تەنیا دەتوانێ بە مانای نایەکسانی و پلە یەك و پلە دوو بێ" چونکە بە عەقڵی هیچ کەسدا ناچێ کە جێگاورێگای واقیعی ئەو شەش "نەتەوە"یە لە هەرێمی کوردستاندا بتوانێ یەکسان بێ. دەستوور نابێ مۆرکی نەتەوە و قەومی پێوە بێ وەکچۆن نابێ مۆرکی ئایینی پێوە بێ. دەستوور نابێ مۆرکی هیچ ئایدیۆلۆژییەکی پێوە بێ" چونکە دەستوور بۆ دیاریکردنی پەیوەندی دانیشتوان و دەسەڵات و بۆ دابینکردنی ماف و ئازادی هەموو دانیشتوانە لەسەر بنەمای مافی یەکسانی هاوڵاتیبوون. مافی هاوڵاتیبوون نابێ بکرێ بە وەچ و فەرعی هیچ ناسنامە و ئینتیمایەك بەدەر لە خۆی و لە باقی مافە جیهانشموولەکانی ئینسان.

٤- "ناسنامەی موسوڵمانێتی": ماددەی حەوت ئەوەندە بە زەقی دژ بە هەر ماف و ئازادیەکی مەدەنیە، کە ڕخنەیەکی بەربڵاوی بەرامبەر بە خۆی وروژاندوە و گەلێك دەنگی نارەزایی بۆ بەربەستکردنی بەرزبوەتەوە. گەرچی ڕەشنووسی دەستوور لە (ب)ێی بسمیلای دێباجەوە تا دوا دێری داوێنی، هەر لە جنسی ماددەی حەوتە، بەڵام ئەو ماددەیە بە تەنیا خۆی بەس بوو بۆ ڕەتکردنەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێم لە لایەن هەر کەسێکەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆنێکی بە ئازادیخوازی و ئینسانیەتەوە کردبێ، سۆزێك بۆ داکۆکی لە مافی مەدەنی ژنان تەنانەت لە مافی ژیانی ژن لە دڵیدا هەبێ، عیلمانیەتی بە تەوور و گێزەر و عەرز و مەعاش نەفرۆشتبێ، تۆزقاڵێك شوجاعەتی مەدەنی (civil courage) لە خۆیدا شك بەرێ و ڕێز بۆ حورمەت و کەرامەتی شەخسی و ئینسانی خۆی دابنێ. جەخت کردنی ماددەی حەوتی دەستوور لەسەر "ناسنامەی موسوڵمانێتی زۆرینەی گەلی کوردستان" و ئەوە کە "بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان"، چەند گرفتێك بۆ خودی دەستوور دروست دەکات: یەکەم ناسنامەی نەتەوەیی ماددەی شەش بەتاڵ دەکاتەوە" هەر ئەوە کە دەستوور لە دوو ماددەی یەکبەدوایەکدا دوو ناسنامەی دژبەیەك بۆ "گەل" دیاری دەکا، ئیسباتی بێ بناغە بوونی هەرووکیان و پووچەڵ بوونی ناسنامە دەکات. دووهەم: سەروەری گەل لە ماددەی چواریش بەتاڵ دەکاتەوە" دەستوورێك کە شەریعەتی ئیسلام بکاتە یەکێك لە سەرچاوە سەرەکیەکانی یاسادانان، خەتی ڕاست و چەپی بەسەر دەسەڵاتی گەلدا کێشاوە. سێهەم: کردنی موسوڵمانێتی بە ناسنامەی زۆرینە ڕێك بە مانای بە زۆر داسەپاندنی بەسەر زۆرینەی خەڵکدایە چونکە ئەو ئیدیعایە لەخۆیدا ڕاست نیە" ئەم زۆرینەیە لە کوێوە هاتوە؟ ئەگەر ئێمە بە پێی کرداری ڕۆژ و شەوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڵێین کە زۆرینەیان موسوڵمان نین یا ناسنامەی موسوڵمانێتی بۆ خۆیان هەڵنابژێرن، نووسەرانی دەستوور بە کام بەڵگە ئیسباتی دەکەن کە وا نیە و ئیدیعای ئەوان ڕاستە؟ چوارەم: ئەم ماددەیە ناسنامەیەکی دیش دەخولقێنێ و بەسەر زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگا، بەسەر ژنانیدا دەیسەپێنێ ناسنامەی هاوڵاتی پلە سێهەم، ناسنامەی زۆرینەی بێمافی خەڵکی کوردستان" ژنان زیاتر لە نیوەی کۆمەڵن بەڵام چواریەکی "پەرلەمان"ن و داستانی هەزاران کارەساتی تریان لە هەمووان ڕوونە. لە ڕاستیدا لە کوردستان هەر ژنێك داستانێکە لە بێبەشی و بێمافی تەنانەت بێبەشی لە مافی ژیان! بە ماددەی حەوت دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان ئەو خەیاڵە خاوەیان ئاشکرا کردوە کە دەیانەوێ ئەم تراژێدیە بۆ ژنان ئەبەدی بکەنەوە.

٥- مافە ئایینیەکان یا مافی هاوڵاتیبوون؟ هەر لەم ماددەیەدا باس لە "مافە ئایینیەکانی مەسیحی و ئێزدی و هی دیکە" کراوە، بەم مافە ئاینیە (لە جیاتی مافی هاوڵاتیبوون) دەیانەوێ چلۆن ناسنامەی موسوڵمانێتی بەسەر زۆرینەدا دەسەپێنن، هەرواش ناسنامەی ئاینی جۆراوجۆر بەسەر باقی هاوڵاتیاندا بسەپێنن. بەم جۆرە جەستەی جەماوەری خەڵك بە شمشێری ئایین و لە سەروویانەوە بە شمشێری ئیسلام پارچە پارچە و ئەنجن ئەنجن بکەن. تازەترین بەڵگەی ئەم تاوانکاریە دزێوە کە ساڵەهایە

به پانتایی کۆمەڵگا و بە قیاسی هەمەرۆژە بەڕێوە دەچێ، پێکداهەڵپژانی ئەم دواییەی "شێخان" بوو کە ژیانی ژنێك لە نێوان شەرە شمشێری دوو ناسنامەی داسەپێنراوی ئیسلامی و ئێزدیدا بە حوکمی مافی ئایینی "شەرەف"! لەت و پەت کرا. شانزە ساڵە شانبەشانی دەسەڵاتی دوو حیزبی حاکم، تیرۆرێکی بەربڵاوی ئیسلامی لە دژی ژنان لە کوردستان بە پشتگیری هاوبەشی مزگەوت و دەسەڵات بەڕێوە دەچێ کە هەتاهەتایە وەك شەرمەزاری بە نێوچاوانی مێژوویانەوە دەمێنێتەوە“ ئێستاش وادیارە ئەمجارە بەهیوان کە بە "جەخت"ی دەستووریش پشت ئەستووری بکەن.

### "سیاسەت لەسەر بنەمای ناسنامە"

### (*Identity Politics*)

جەخت لەسەر ناسنامە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا، هەروەك لە پێشەکی ئەم باسەدا ئاماژەی پێ کرا، لە درێژەی سیاسەتێکدایە کە سەرەتا لە حەفتاکان بەڵام بەتایبەت لە نەوەدەکانەوە لە ئاستی جیهاندا لە لایەن دەزگا "رۆشنبیری"یەکانی چینی دەسەڵاتدارەوە هەوڵی بۆ دراوە و لە جێگای "سیاسەت لەسەر بنەمای چینایەتی" (*Class Politics*) دانراوە. مەبەست ئەوەیە کە جەستەی خەباتی چینایەتی کرێکاران و کۆمەڵانی بێبەشی کۆمەڵگا بە شمشێری ئەنواعی ناسنامەی قەومی و ئایینی و فەرهەنگی و جنسی و هتد پارچە پارچە بکرێ و لە وزەی هەڵمەت بخرێ. نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵاتە سیاسیەکانی لە دەوڵەتە ئەمپریالیستەکانەوە تا دەوڵەت و دەسەڵاتە چکۆلەترەکان ئەنواعی قەڵشتی جۆراوجۆر لە ناو کۆمەڵگا و لە ریزەکانی چینی کرێکاردا پێك دێنن و هەر ئەو قەڵشتانەش دەکەنە بنەما بۆ خولقاندنی ناسنامە و لە کەناڵی دەیان ناسنامەی دژبەیەکەوە هێزی تێکۆشانی جەماوەر دابەش دەکەن و بە کوێرە رێی سەرابە خولقاوەکاندا نوقمیان دەکەن.

سیاسەت لەسەر بنەمای ناسنامە، هەر لە شکڵی جۆراوجۆری ناسیۆنالیزمی قەومیەوە دەگرێتە بەر هەتا عیرقی رەنگ و رەگەز و نیسبیەتی فەرهەنگی و ئەنواعی کۆنەپەرستی ئایینی و فیرقەگەری مەزهەبی وەك رێبازی سیاسی (کە پێی دەڵێن "فاندامێنتالیزم") هەروەها ئەنواعی فێمینیزمی تێکەڵ بەٚ قەومیەت و مەزهەب و هتد. ئەم سیاسەتە لە زۆر وڵاتی دونیا بوەتە بەشێك لە سیستەمی سیاسی و دەوڵەتی و چوەتە ناو دەستوورەکانیانەوە و گیروگرفتی بێبرانەوەی بۆ چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵك پێکهێناوە. نموونە بەرجەستەکانی یوگوسلافیا و لوبنان و عێراقن.

بنەمای کۆمەڵایەتی ئەم سیاسەتە گەشە و هەڵدانی چینی کرێکارە لە ئاستێکی جیهانیدا لە ئاکامی ئەو شۆرشە سەنعەتی، ئێلێکترۆنیکی و ئینفۆرماتیکیەدا کە بە گلۆباڵیزاسیۆن (عەولەمە) ناوبانگی دەرکردوە. ئەو شۆرشە بوەتە هۆی ئەوەی چینی کرێکار رۆژلەرۆژ زیاتر لە ناسنامەی چینایەتی خۆی تێدەگا و هوشیارتر دەبێ و ئەم هوشیاریە دەنێتە جێگای ناسنامە ناچینایەتیەکان: ناسنامە قەومی و ئایینی و فیرقەییە داسەپاوەکان. ئەمە بەشێکە لە کێشەی چینایەتی نێوان دوو چینی ئەسڵی کۆمەڵگا: لە لایەك چینی سەرمایەدار و دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی تێدەکۆشن بە سیاسەتی ناسنامە خولقاندن هوشیاری چینایەتی کرێکاران و هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی جەماوەر بشێوێنن و لەم لایشەوە کرێکاران لە رەوتی تێکۆشانی خۆیاندا هوشیاریان دەبەنە سەر.

جەخت کردن لەسەر ناسنامە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمیشدا بەشێکە لەم رەوتە جیهانیە. رەنگە زۆرێك لە خوێنەران ئاگاداربن، ئێستا لە کوردستان دامەزراوی "ئەمەریکەن ئینتێرپرایز" راوێژکارێکی سەرەکی و پر ئیمکاناتە لەم مەیدانەدا و کارەکانی لە کەناڵی یارمەتیدانی دەسەڵاتی هەرێمەوە و هەروەها بە تایبەت لە رێگای پەرە پێدانی رێکخراوە "ئێن جی ئۆ" تایبەتیەکانەوە دەباتە پێش و خەریکی هەوڵ و تەقالایەکی چڕوپڕە بۆ جێخستنی ئەم سیاسەتە کە لە قازانج و بەرژەوەندی چینی دەسەڵاتدارە و لە دژی قازانج و بەرژەوەندی کرێکاران و هاوڵاتیانە لە کۆمەڵگای مۆدێرن و چینایەتی کوردستاندا.

### لە کۆتایی دا:

ئێمە بەرامبەر بە سیاسەتی خولقاندنی ناسنامەی تەزویر، بۆچوون و هەڵوێستی کۆمۆنیستی و کارگەری روونمان بوە: ئێمە بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی غەیرە دینی و غەیرە قەومی تێدەکۆشین“ ئێمە دەڵێین: نە ناسنامەی ئایینی، نە ناسنامەی قەومی، بژی ناسنامەی ئینسانی!

(درێژەی دەبێ)